کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-5-2007 14:34

## کەرکوک و مادەی 140 ... هاوری رواندزی

ئەگەر بێین باس لەمادەی 140 بکەین کەتایبەتە بەئاسایکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوک و ناوچە



دابراوەکانی هەرێمی کوردستان دەبی ئەوە لەیاد نەکەین کەگەلانی عیراق دەنگیان بۆ ئەو دەستورە داوە کەمادەی 140 یەکێکە لەمادەکانی ئەم دەستورە، بۆیە ئێستا تا کات بەفیرۆ نەچووە دەبی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەوڵی جدی بدەن بۆ جی بەجی کردنی ئەو مادەیەو بەهیچ شێوەیەك نەهێلن دوا بخرێت چونکە دواخستنی لەقازانجی گەلی کورد نییە وەچیتریش نابی سەرکردایەتی سیاسی کورد بێدەنگ بی، دەبی هەڵویستی بەیەکجاری ئاشکرا بکات و هەرەشەی کشانەوە لەئەنجومەنی نۆێنەرانی عیراق و حکومەتی عیراق بکات ئەگەر هاتوو ویستیان دوای بخەن، من نازانم ئەوانە چ مەبەستێکیان هەیە کەدەنگیان بۆ ئەو دەستورە داوەو ئێستا بەشێکیان رازی نین بەجی کردنی ئەگەر دەیانەوی کەرکوك نەگەرێتەوە سەر هەرێم ئەوا شتێکی مەحاڵەو هەر دەبی بگەرێتەوە باوەشی کوردستان. بەلام لێرەدا دەبی نوێنەرانی کورد لەبەغدا زۆر حەکیمانە رەفتار بکەن و بەهیچ شیوەیەك سازش لەسەر دواخستنی ئەو مادەیە نەکەن، لێرەدا نابی رۆلی خراپی تورکیا لەیاد بکەین کەدەیەوی ئەو ماددەیە جی بەجی نەکری و سەرکەوتوو نەبی وە بەرەی تورکمانی لەکەرکوك کەبەفیتی تورکیا هەڵسوکەوت دەکات و رۆلێکی زۆر خراپی هەیە لەشاری کەرکوك بەلام دەبی حزبە کوردستانیەکان لەشاری کەرکوك چیتر حزبایەتی نەکەن بەتایبەتی یەکێتی و پارتی لەبەر ئەوەی ئێستا کاتێکی زێرینە کەلەبەردەستیان ماوە دەبی کوردانە هەڵسوکەوت بکەن و زیاتر تەبا بن لەگەڵ یەکتری زیاتریش خۆیان بۆ جی بەجی کردنی مادەی 140 تەرخانبکەن و خەلك بەهەموو نەتەوەو ئاین مەزهەبەوهۆشیار بکەنەوە کەجی بەجی کردنی ماددەی 140 واتا چی.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.